# دیموکرسیەتی تیرۆرو تیرۆریزمی دیموکراسی!




ibrahimhwssain@hotmail.com

سال و نیوێک زیاتر لەمەو پێش بەدوای هێرشی تیرۆریستانی ئیسلامی بۆ سەرئاسمان برەکانی
نیۆیۆرک ؛دەستەی دەسەلاتداری ئەمریکا شەروملهوری خۆی لەشەری دژی ئیرهاب ودیکتاتۆریەتەوە پێچا.ئێمەو بەشەرییەتی
موتەمەددین ونارازی هەرئەوکات وتمان ئامانجی شەرو ملهوری ئەمریکا لەناوبردنی تیرۆریزم نیە؛کێشەی سیاسەتی ئەمریکا
دیکتاتۆربوونی
رژێمی بورژوایی بەعس و هەر رژێمێکی تری داهاتووی عێراق نیە.
وتمان ئامانجی ئەم مولهوریە دابین کردنی زەعامەتی ئەمریکایە بەسەردنیاوە.
وتمان شەرومولهوری ئەمریکا نەک هەرتیرۆریزمی ئیسلامی لاوازناکا؛بەلکوشەری ئەمریکاخۆی باشترین فرسەت و زەمینە بۆ
گەشەوپەرەگرتنی هەمەلایەنەی تیرۆریزمی ئیسلامی فەراهەم دەکاو مسابەقەی تیرۆریستی لەراددەیەکی سەرسوورهێنەردادەگۆرێ
بە راستیەکی تالی ژیانی جەماوەری خەلکی ئەو ولاتە.
.هەر بەو جۆرە بوو.لە هە موو شوێنێک لە هەموو گۆشەوسووچێک دا دەستەوتاقمی ئیسلامی ئینسان کوژ سەوز بوون و
پەروبالیان لێ رواو بێ وێنەترین و ویژدان هەژێنەرترین و وەحشیانەترین شێوەکانی جیهادی ئیسلامیان لەسەربرینەئاشکراو
تەلەفیزیۆنیەکان؛ تەقاندنەوەو بۆمب نانەوە رۆژانەییەکانیان داهێنا ؛کۆمەلگا ئیتر خەسلەتی کۆمەلگا بوونی خۆی لەدەست دا؛
دەولەت ؛ مەدەنییەت؛تەواوی چوارچێوەو بنەما مەدەنیکانی کۆمەلگا لە
بەریەک هەلوەشانەوە.
ئیتر ئەوە مەعلوم بوو کەپرۆژەی رەشی ئەمریکا لەژێر ناوی شەر لە دژی تیرۆرو دامەزراندنی دیموکراسی لە عێراق؛ نوسخەی ئەو
سیناریۆ رەشەیە و گۆرینی ئەو ولاتەیە بە زۆنگاوێک کە تیایدا تەنها علاوی وسیستانی و سەدرو زەرقاویەکان دەتوانن گەشە بکەن.
دەرکەوت کە مولهوری و شەری ئەمریکا لە بەرامبەر خۆی دا مولهوری و تیرۆریزم وشەقاوەچێتی ئیسلامی و قەومی بە هێز دەکاو
پەرو بالی لێ دەروێنێ.
دەرکەوت کە نوسخەی ئەمریکا بۆ ئایندەی ژیان و چارەنووسی کۆمەلگای عێراق و جەماوەری خەلکەکەی؛ نوسخەی کۆمەلگا
موتەمەددین و بە قەولی باو دیموکراتیکەکانی دنیای ئەمرۆ نیە.
.نوسخەی پارلەمانەکان؛هەلبژاردنەکان ؛دەنگ دان و رێزگرتن لە راو ئیرادەی جەماوەری خەلک لە هیچ ئاستێکداو بە هیچ
مانایەک نیە.
بەلکو نوسخەی بورژازی و دەستەی دەسەلاتداری ئەمریکابۆکۆمەلگای عێراق دەسەلاتی کۆمەلێک ئۆباشی ناسیۆنالیست و
مەزهەبی و کۆنەپەرەستە کە لە زاتی خۆیاندا دوژمنی ئازادی؛ دوژمنی خۆشی و بەختەوەری جەماوەری خەلکن.
سیناریۆ ونوسخەیەک کە عەجیل یاوەر و علاوی وسیستانی قارەمانە ئەمریکا پەسەندەکانین وزەرقاوی و وموقداسەدر رووی
دووەمی پێکدەهێنن.
عجیل و علاویەکان بە یارمەتی تۆپ و تانکی سوپای ئەمریکا دەیانەوێ نمونەی دەسەلاتی مەزهەبی و قەومی و عشیرەتی خۆیان
بەسەر کۆمەلگایەکی مەدەنی و خەلکی موتەمەددین وئازازادیخوازی عێراق دا بسەپێنن؛نمونەی حکومەت و دەسەلاتێکی پێک
هاتوو لە جۆرەها ملوک التوایفی مەزهەبی وقەومی خێلەکی کەیاسا شرعی و دینیەکان و غیرەت و کینە ناسیونالیستیە پوچەکانی
بورژوازی عەرەب لە بەیانی جێکەوتن و سەقامگیر بووینیدا دەکا بە گژ خواستی جەماوەری فراوانی خەلکی ئەو کۆمەلگایەبۆ دەست
راگەیشتن بە ماف و ئازادیە سروشتی و ئینکار هەلنەگرەکانیان؛ بەشمشێری عروبەو یاساکانی ئیسلام سەری ئەو ژنانە لەلاشە
جیادەکاتەوەکە جورئەت دەکەن بەپێچەواوانەی یاساکانی ئەوانەوە هەلسو کەوت بکەن؛ زیندان وشکەنجە و سەرکوت بۆ نارازیان
ونەیارانی خۆیان بەرێ دەخەن؛ مانگرتن و رێکخراو بوون و ئازادی بیرو را و ویژدان و نووسین دەگۆرن بە کوفری گەورە.
ئەمە پرو پاگەندە نیە؛بەلکو مەنشوری هەر ئێستا راگەیەنراوی ئەوانە.لێشاوی ئەو خوێن و زوخاوەی کە ئێستا بەبەرچاوی دنیاوە
لە کۆمەلگای بۆش ریاکارانە بۆ پاساودانی پرۆژەی رەشی خۆی لە عێراقدا باسی دەکا ؛بەلکوبۆ داسەپاندنی زەعامەتی ئەمریکا لە

ئاستی دنیاداوسەپاندنی دیکتاتۆریەتێکی دینی و قەومی ئەمریکا پەسەندی لەوجۆرەی کە باسمان کردلەعێراق.ئەگەر نمونەی عەلاوی وسیسانیەکان عێراق دەروا؛ئەو باجەیە کەخەلکی عێراق بۆش وتەنی دەبێ پێشکەشی بکەن؛ بەلام نەک بۆ ئازادی و بەختەوەریوەک قەرارەبەپشتیوانی ئەمریکا ئیستبدادێکی قەومی و دینی ساغ بکاتەوە ؛ئەوە سەدرو زەرقاویەکان بە نیازن لەسەر وێرانەی هەلو مەرجێک کە سیاسەتی ئەمریکا رەخساندویەتی و بەبەرێخستنی درندانەترین شێوەکانی جیهادی ئیسلامی دەیانەوێ حکومەتی ئیسلامی جۆری تالیبان وەک سێبەرێکی رەش بەسەر کۆمەلگادا رابگرن و لە ژێر ناوی موقاوەمەلەدژی داگیرکاری بازاری تاوانەکانیان گەرم رابگرن و کۆمەلگازیاتروزیاتربەرەو سیناریۆی رەش و پاشاگەردانی پال پێوەبنێن.
رووییەکی تری تاریکی ئەم هەل و مەرجە ناسینالیزمی کوردە کە بە تەواوی رۆلێکی گێلانەو سەرکزانەدەبینێ وبە شوێن بەرژەوەندە پوچەکانی خۆی دا وێلی دوای علاوی و یاوەر بووەولەم هەل و مەرجەدا لە بەرامبەرخواستی جەماوەری خەلکی کوردیستان بۆ پێکهێنانی دەولەتێکی مەدەنی و سکولار دەچێتە ژێر بالی سیناریۆی خەفەتباری دەولەتی قەومی عەرەبی ئیسلامی لەو جۆرەی کە علاوی ویاوەرو سیستانیەکان نەخشەی بۆ دەکێشن.
لەبەرامبەر هەرەشەوگورەشە ئاشکرا فاشیستیەکانی عەجیل یاوەرلەدژی خواستی خەلکی کوردستان بۆ بەرپاکردنی ریفراندۆم و پێک هێنانی دەولەتێکی سەربەخۆ سەریان کز راگرتووەو داوا لە خەلکی کوردستان دەکەن کەلە هەلبژاردنەکانی داهاتوو ببنە رەشە لەشکری دەست و پێ بەستراوی ئەوان.

فیدرالیزم نوسخەیەکی کالەوە بوو ورەنگ پەریوە کەقەرارە لەچوارچێوەی دەسەتێکی نامەدەنی دینی و قەومی لە دهاتوودا بەشی ناسیۆنالیزمی کورد دابین بکا.
نوسخەیەک کە جگە لە ناسیۆنالیزمی کورد هیچ کریارێکی تری نیە.
ئیتر سەرەنجام وئاکامەسیاسی و کۆمەلایەتیەکانی ئەم هەل ومەرج و سیناریۆ رەشە تا ئێرە روون و ئاشکران.
بە هەلبژاردن و بێ هەلبژاردن؛موسابەقەی تیرۆریزم و شەقاوەچێتی ئیسلامی وقەومی وئەمریکا کۆتایی پێ نایەو کۆمەلگای عێراق و جەماوەری خەلکەکەی لە چوارچێوەی سیناریۆی رەشی ئەو هێزانە بە م زوانە ناگاتە لەنگەرگایەکی ئارام و ئاسودە؛کۆمەلگا هەر وەک ئێستا مەیدان و شانۆی سەربرین وبۆم نانەوەوتەقاندنەوە کوێرانەکانی موجاهیدینی موسلمان و قەومی وشەرو کوشتارو شالاوی سەربازی هێزەکانی ئەمریکا و رەوانەکردنی خەلکی بێ تاوان بۆ ناو گەرووی مەرگ دەبێ.
هەروەک ئێستا تیرۆریزم و مولهوری ئەمریکا پاساو وبە هانە بۆ تیرۆریزم و شەقاوەچێتی ئیسلامی و قەومی دەرەخسێنێ وئەم دوو تیرۆریزمە هێز لە یەکتر وەردەگرن و هێز بە یەکتر دە بەخشن.
لەبەرامبەر سەرجەم ئەم هەل ومەرج و سیناریۆ رەشەدا؛ بزووتنەوەی خوازیاری کۆتایی پێ هێنانی ئەم هەل و مەرجە لە ئارادایە. ملیۆنان کەس لە جەماوەری خەلکی عێراق ئەم جەهەنەمە و خولقێنەرانی بە لەعنەت دەکەن و خوازیاری ئەوەن کە لەژێر چەپۆکی شەرو کوشتاری ئەم ئۆباشانەی تیرۆریزمی دنیای ئەمرۆ رزگاریان ببێ و بە لەنگەرگایەکی ئارام و ئاسودە بگەن. نمونەی شارەبان ومقدادیەگۆشەیەکی بچوک لەو بێ زاریە گەورە کۆمەلایەتیەی جەماوەری خەلکی لە دژی تالان و برۆ و دەسەلاتی ئەم ئۆباشە قەومی و دینیە بە سەرچارەنووسی خۆی دا نیشان دا.نیشانی دا ئەگەر جەماوەری خەلک لە مەیدان دا بێ و لە چارەنووسی خۆی دا بتوانێ دەستێکی هەبێ ؛ئەم چارەنووسە رەش و خەفەتبارەو سیناریۆی تاریک ومەینەتباری ئەمانە قبوول ناکا.
هاتنە مەیدانی ئەم بێزاریەو ئەم نایە لە ناو هەلو مەرجەرەشەکانی عێراق دا دەتوانێ مەیدانی سیاسەت وکێشمەکێشی سیاسی چارەنووس ساز ی ئێستا بە قازانجی ئازادی و ئینسانیەت وەربچەرخێنێ و بە دنیای نیشان بدا کە کۆمەلگای عێراق کۆمەلی عشایە رو خێل و دەستەو تاقمی دینی وقەومی دەمارگیرو نامۆ بە مەدەنیتی دنیای هاوچەرخ نیە.کۆمەلگای ئەو مۆمیا سیاسیانە نیەکە گەردەلوولی خوێن و وێران کاری گیانی بەبەرداکردوونەتەوە؛بەلکو کۆمەلگایەکی هاوچەرخ و ئەمرۆییە کەجەماوەری خەلکەکەی خوازیاری دەست راگەیشتن بە ژیانێکی ئازادو شایستەی ئینسانن. بەلام راستیەکەی ئەوەیە دابین کردنی ئازادی و ئاسوودەیی وئاسایش و رێکخستنەوەی مەدەنیەتی کۆمەلگا لە چوارچێوەی هەل ومەرجە تالەکانی عێراق دا خۆی پێویستی بە سەرکەوتنی سیاسی و کۆمەلایەتی جەبهەی ئینسانیەت وئازادیخوازی هەیە .هەلخراندن و هێنانە مەیدانی ئەو نارازایەتی و بێزاریە سەراپە گیرە ی کە بە دژی ئەم گۆماوی خوێن و وێرانکاریەی ئیرهابی ئەمریکا و دەستەو تاقمی ئیسلامی و قەومی لە ویژدانی جەماوەری خەلک لە خرۆشاندایە؛ لە دەو ری پرۆژەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بۆ گێرانەوەی ئەمنییەت و رێکخستنەوەی مەدەنییەت دەتوانێ سەرکەوتنێکی لەو جۆرە بکا بە یەکێک لە ئەگە رە ئومێد بەخشەکان.